ژمارە (٦٤٠) پێنجشەممە ٢٠٠٩/٦/٢٥ No: 640 Thursday 25/6/2009 لاپەڕەی هونەر و ئەدەب

هونەرو کاریگەریی سەردەم

سەلاح ڕەووف

ئەمجارەیان نووسینێکم لە تۆری ئەنتەرنێت لە مالپەڕی (خامەی نوسەران)ی هێژا خوێندەوە، بەڕاستی نەمزانی لە سەرەتادا لە کوێ بڵاوکراوەتەوە، ئامادەشی پێنەکرا بوو، بۆیە نەمتوانی ڕاستەوخۆ لەهەمان شوێندا لەبارەیەوە بدوێم، چونکە بەڕای من ئەم باسەی من تەواوکەری باسەکەی (زۆزک قەرەداغی) یان تیشک خستنەسەر باسەکەی، هیوادارم تیشکەکانم مەبەست پێکبێت. وروژاندنی ئەمجۆرە باسانە ئەرکێکی نەتەوەیین، بۆیە لە سەرەتای باسکردن و وروژاندنی ئەم بابەتەت.... من ئاگادارم، ئازیزم بۆ ناوی لێ ئەنێی (قەیرانەکانی مۆسیقای کوردی)، ئەی بۆنالێی قەیرانەکانی میللەتی کورد، ئەوەتا ئەوقەیرانەی کە سەدان ساڵە گرفتی میللەتی کوردە، ئێستا من و تۆ باجەکەی ئەدەین، ئازیزم هونەر هەموو شتێکی میللەت نییە، هونەر هەدەف نییە، هونەر وەسیلەیە بۆ پیشاندانی ڕووی جوانی و توانای میللەت، هەرچەندە من لەگەڵ ئەوەدام کە تاکی هونەرمەند بەرپرسیارە لە بەکارهێنانی هونەر، بۆپیشاندانی ڕواڵەتی جوانی نەتەوە، بەڵام من پێم باشە منیش و تۆش لەوە بە ئاگابین کە پاراستنی ئایشی نەتەوەیی و خۆشەویستی خاک و نیشتمان باشترین ئاکامە بۆ بنەبڕکردنی کێشەکان، هەر میللەتێک بێبەری بوو لە خۆشەویستی خاکەکەی و هەوڵی نەدا ئایشی نەتەوەکەی بپارێزێ، ئەوا حەتمیە کە ئاکامەکەی بگاتە ئەو ڕادەی کە ئێستا منیش و تۆشی سەرگەردان کردووە، ئازیزم بروامواید بەسەدان باسی لەو جۆرانەی کە من و تۆو هەزارانی تریش ئەیخەینە بەردیدەی خوێنەران، یەک تۆزقاڵ هۆکارنین بۆ ڕەوینەوەی خەمەکانمان، لەبیرمانە لەژێر سایەی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعسدا چەند کەسانێک بەویستی ئەو ڕژێمە کەسانی تری خستبوە ژێر ئەشکەنجە، یان بە ویستی خۆی یاری بە موقەدەراتی میللەت و ڕژێمیش ئەکردو بە هەوەسی خۆی تەراتێ و پەتپەتێنی ئەکرد، ئازیزم کام عەقڵ و کام هۆشیاری ڕێگە بەو ناهەمواریيەی ئێستای ناو هونەرمەندان ئەدا، ئۆرکسترای سیمفۆنی کاری کێیە.....؟ کاری کامە شوێنە.....؟ گەر بێخەمی لە ئایشی نەتەوە نەبێ، گەر گوێیەدان بە مالی میللەت نەبێ، گەرشاردنەوەی نەزانین و پێتوانایی نەبێ؛ ئەی چیيە؟ من نالێم ئۆرکسترامان نەبێ، بە پێچەوانەوە من بوونی ئۆرکسترای سیمفۆنی بە ئەرکی نەتەوەیی ئەزانم، بەڵام شاری سلەیمانی پێویستی بەچەند ئۆرکسترایەک نییە، خۆ ئەوان دەمانچەوکڵاشینکۆفیان پێ نییە، کەمانچەو ئامێرە مۆسیقاییەکانی تریان پێیە، خۆ ئامادەیان ناکەین بۆ شەر، ئۆرکسترا بۆ پیشاندانی هونەرێکی جوانە، نەک بۆ مەبەستی تاکەکەسی.

ئازیزم ئەڵێیت ئێمە زۆر لاوازین، من واناڵێم..... من ئەڵێم... ئێمە دەوڵەمەندێکی نەزانین، لێم بوەستە ماوەیەکی تر چگە لە نەزانییش لاوازیش دێتە پاڵی، هێشتا ماومانە، گەر وابڕوا مالمان وێرانتر ئەبێ، ئەڵێیت..... کەس کەسی قبوول نییە، ئەوە نەخۆشی نەزانەکانە، هەر کەسەو لە ترسی ئەوەی نەوەک بەرامبەرەکەی لە خۆی باشتر یان جوانتر کاری هونەری بکات، ئەوا بە هەموو توانای لێی ئەچێتە سەنگەر، نەخۆشییەکی تری کوشندەمان هەیە کە ترسناکترین نەخۆشییەو چارەسەرەکەشی زۆر ستەمە، هەموومان خۆمان بەزاناو توانای یەکەم ئەزانین، باسی هەرشتێکمان بۆ بکەن خۆمان وەک پرۆفیشنالێک پیشان ئەدەین، هیچ کەسێک لە ئێمە ئاستی دڕواری ئەو نەخۆشییە نازانین، لێرەدا پێویست بە هەلوێستێک ئەکا... پێمخۆشە پێتبلێم لای هەموو دنیا شارەزایی تاچڕوپڕبێت سوودی زۆرترە، بۆیە بەسەرهاتێکت بۆ ئەگێڕمەوە، هیوادارم باش گوێم لێ بگریت: چارێک لە کۆرێکی هونەریدا کە لەگەڵ چەند کەسانێکی پسپۆر بووم، کەسێکیان پرسیارێکی لە بارەی پەیژەکانی مۆسیقاوە لێکردم، منیش پاش وەڵامدانەوەکەی خۆم ڕوومکردە یەکێکی تر کە خاوەن بروانامەبوو، کە کەسیان لە پلەی دکتۆر کەمتر نەبوون، ئەوی من پرسیارەکەم لە بارەی پەیژەی مۆسیقاوە لێکرد، تۆزێ نیگەران بوو وتی ئەی تۆ نازانی ئەوە پسپۆری من نییە، من تەنها پسپۆڕم لە ڕیتمی مۆسیقادا، منیش پێکەنیم وتم ئەو بروانامەیەی تۆ لای ئێمە هەندێ کەس بەکاری ئەهێنن بۆ دەرزی لێدانیش، نوکتەیەکیشم لەوبارەیەوە بۆ گێڕایەوە، برام هونەرمەند وەکو هەموو چین و تۆژەکانی تری میللەت پێویستی بە سەرقافلەچی هەیە، کام سەرقافلەچی؟ ئەوە ئەرکی دەوڵەتە دەستنیشانی بکا، کام دەوڵەت؟ ئەو دەوڵەتەی لەسەر بنەمای ئایشی نەتەوەیی دروست بووبێ. لام ڕوون نییە کەسێکی نیشتمانپەروەر؟ یان کەسیکی وڵات پارێز. یان کەسێکی گیرفان پارێز.. یان... پارێز؟ کامیان سەرقافلەچییەکەن، بەڕای من هێشتا هونەرمەندی کورد گەرهەبێ خۆی یەکلا نەکردۆتەوە بۆچی کاردەکا؟ مەبەستی چییە؟ تۆ وتەنی ئاوەکە وارێزراوە هەموومان لە سەرەتای دەستپێکردنی هونەریماندا، ئەمانەوێ لای سەرو دانیشین، گیرفانمان لە هەموو کەس پڕتربێ، گەر بە وێرانکردنی مالی خەڵکی تریش بێت گرنگ نییە، پاشقولدان بووە بە بنەمای ژیانمان، زۆرکەس هەیە پاشقولیان لە کەسانی بە ئەمەکی میللەتەکەداوە، ویستویانە ڕێگا لە کارکردنیان بگرن، هەرچەندە تائاستێک بۆیان چۆتە سەر، بەڵام مەخابن لەبەرئەوەی هەوڵەکەیان جگە لە هەڵپەرستی و بێئەمەکی زیاتر هیچی تر نەبووە، زوو فش بوونەتەوە، ئێستاش لەبیرچۆتەوە بۆچی هونەر یان کاری هونەری ئەکەین، ئازیزم مەبەستە سەرەکییەکەمان تائێستاش هەر ئەوەیە کە ئێستا کاری بۆ ئەکەین، بەواتای موچەی زۆری بێ ئەفراندن، دەستکەوتی زۆری بێبنەما.

من بە هەڵەی ئەوگەنجانەی کە لە پرێکدا خۆی لە دنیایەکی پرلەقین و ناکۆکی هەڵپەرستیدا ئەبینێتەوە نازانم، گەنجێک کە سەیری سەرووی خۆی ئەکات١٥ موچەی هەیە، ئەویش بیرئەکاتەوە لەوەی کە هیچ نەبێ با ئەویش پینج موچەی هەبێ، بۆیە ئەوە بێ بنەمایی ئایشی نەتەوەییە. نەبوونی یاسایە، ئێمەی ڕۆڵەی ئەم میللەتە، وەکو هەموو مرۆڤێکی تری سەر ئەم دنیایە پێویستمان بە پاراستنی یاسا هەیە، بەڵام کام یاسا. یاسایەکی میکافیلیانە؟ کە تەنها پێکانی مەبەستە، بە کامە ڕێگابێت، نەخێر.... تاکە چارەسەر، یاسای نەتەوەییە، ئەو یاسایەی کە دووڕە لە بنەمای ئۆخەی ئۆخەی هەر کەسەو بۆ خۆی، یاسایەک لەسەر بنەمای پاراستنی ئایشی نەتەوەیی و خۆشەویستی نیشتمانەوە هەڵقوڵابێ. یاسایەک کە ڕێگربێت لە بەدەستهێنانی مافی نارەوا، یاسایەک کە ڕاستی و چەوتەکان لێک جیابکاتەوە، لێرەدا هەموو ئەرکەکان بەرەو ڕووی دەوڵەت دەبێتەوە، چونکە پاراستنی یاسا، ئەرکی دەوڵەتە، گەر دەوڵەت لەسەر بنەمایەکی ریالیستی یاسا بەکاربهات، دەوڵەتێک کە کەسانی بە ئەمەک و وڵاتپارێز لە ڕێی کەسی لێزان و پسپۆڕانەوە یاسا جێبەجێ بکات، ئەوا کەسێک بەهۆی هونەرەوە چەندین موچەی جیاوازی نابێت، ئەوا هیچ کەسێک بۆی نابێ مافی کەسی تر بخوات، هیچ کەسێ پێویست بە چوونی ناکا بۆ بارەگا..... بۆ پارانەوە بۆ ئەنجامدانی کارێکی هونەری، ڕێگە بە کاری هونەری بێبنەما نادرێ، ڕێ بەکارێکی هونەری نادرێ گەر ڕواڵەتی جوانی نەتەوەکە بەدەوروپشتی و بگرە بە هەموو دنیاش پیشان نەدا، ئازیزم لەوە ئەچێ مێنیش و تۆش ترسمان هەبێت لە هەڵمالینی ڕواڵەتە ناشیرینەکان و ئاشکراکردنی مێردەزمەکانی هونەری کوردی، هێشتا منیش و تۆش لەژێر پەردەوە قسە ئەکەین، بەڵام گەر وابروات، بروات هەبێ یەک تۆز گرفتەکانمان باش نابن، ئەبێ من و تۆ بەدوای ڕاستیەکان و هۆکارە سەرەکییەکاندا بگەڕێین، برام میللەت بەبێ هونەر ئەژی، بەڵام هونەری بێ خاوەن نییە، هونەر خاوەنی هەیە... لە تاکە کەسەوە دەستپێئەکات، لە هەموو دنیادا وایە کە هونەری چاک لەڕێی دەست ڕەنگینی بەرهەمهێنەرەکەی پیشاندەری ڕواڵەتی میللەتەکەیەتی، هونەرو هونەرمەند بەئاستی ڕۆشنبیری میللەت نەشونماکات، هەرچەندە هەندێ هونەر هەیە ئەوەندە لە ئاستی نەتەوەکەی خۆیان ئەترازێن ئەبنە جێی ستایشی هەموو جیهان و ناسنامەیەکی جوانی میللەتەکەی خۆیان، ئێمە خاوەنی خاوەنی حەسەن زیرەک و ماملێ و سەید عەلی ئەسغەرو مەردان و سێوەو دەیانی تری بە ئەمەکی ئەم میللەتەین، هەر لەسەر بنەماو ڕێچکەی زانستی مۆدێرنەوە ئەتوانین ڕوالەتی جوانی خۆمان پیشانی دنیا بدەین، بۆیە ئەبێ لە سفرەوە دەستپێبکەین، ئەویش هەڵمالینی ڕواڵەتە ناشیرینەکانە، ئەوکەسانەی کە هۆکارن و هۆکاربوون بۆئەو قەیرانە، ئەوکەسانەی هۆکارن لە ناشیرینی ڕووی جوانی میللەتەکەمان، من خۆشحالم بەوەی کە ئێمەی کورد خاوەنی کەسانی بەهرەدارو بە ئەزمونین، بەڵام هۆکارەکان وایانکردووە کە هێشتا نەتوانین. بۆیە من هەموو شتەکان ئەگێڕمەوە بۆ یاسا، یاسایەکی پتەو و لەبار کە کەسانی نیشتمانپەروەر بەرجەستەی بکەن بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، یاسایەک کە ئەرکی هونەرو هونەرمەندان بەرجەستەبکات، یاسایەک دەستی هونەرمەند بگرێت لە ڕێی کارە هونەریەکانیەوە، نەک لە ڕیی ناسیاوی و بگرە هەڵپەرستییەوە، یاسایەک ڕێبگرێت لە کاری ناڕەوا، جا بکەرەکەی هەرکەسی بێت، لە هەر پلەیەکدا بێت، یاسایەک مافی کاری هونەریی بزانێت، هەرچەندە بەداخەوە، ئەم برگەیە لای ئێمە پێی ئەڵێن (مافی هونەرمەندان)، کە لە سەرانسەری دنیادا مافی کاری هونەری هەیە، بەڵام هونەرمەند وەکو هەر تاکێکی تری میللەت باری ژیانی و ئایشی ئەپارێزرێ، هیوادارم ئێمەش لەو ئاکامە نزیک ببینەوە، ئازیزم هەموو میللەتێک ڕێزی هونەری بەنرخ ئەگرێت، یاسای مافی هونەرمەندان بە دوو هۆکار بەئەنجام ئەگات: یەکەمیان ئاستی بەرزی کارە هونەریەکەیە کە خۆشەویست ببێت لای میللەت، دووەمیش بوونی هونەر بە بەشێک لە میللەت واتای هونەر ببێتە ڕواڵەتێک بۆ پیشاندانی ڕواڵەتی جوانی میللەت، میللەت بە بەشێکی خۆی بزانێ، ئەو مافە هیچ ساتێ بە زەبری هێز بەرجەستە ناکرێ، ئەبێ هونەرو هونەرمەند ئەوەندە خۆشەویست بن کە خۆیان ئەومافەی خۆیان بپارێزن، دووبارە ڕێگا خۆشکردن بۆ دروستبوونی ئەو زەمینەیە، بوونی یاسایەکی پتەوە لەژێر دەستی کەسانی دڵسۆزو وڵاتپارێزو زانا کە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەکە مەبەستی سەرەکییان بێت.

زۆزک گیان هیوادارم لەسەر نووسین بەردەوامبیت، لەبەرئەوەی بروامواید کە ئەتەوێ خەمخۆری میللەتەکەت بیت، بەڵام خۆت زیاتر لە ڕاستیەکان نزیکبکەرەوە، کاری من و تۆ هەر وروژاندنیان نییە، کاری من و تۆ دۆزینەوەی چارەسەریشە، ڕێنماییکردنی دەسەڵاتیشە گەر گوێمان لێ بگرن، گەر گوێیان نەگرت وابکەین گوێمان لێبگرن. بە مەرجێ ویستەکانی ئێمەش چارەسەری خۆویستی نەبێت، چارەسەرێکی نەتەوەیی، چارەسەرێکی بنبر کە لەپێناوی خۆشەویستی گەڵ و نیشتماندا بێت، مەرج نییە کە تۆ هەربنووسی یان ڕووداوەکان والابکەیت، هەمووکەسێ لێت ڕازی بێت، گرنگ ئەوەیە خۆت و ویژدانی خۆت، لێت ڕازی بن، لەبیرشت نەچێ کە ئەبێ هونەرمەند بریاردەر بێت، هونەرمەند دەستی باڵای هەبێ لە گۆرانکارییەکانی بارەکانی کۆمەڵ، سرودی مارسلیزی ڕۆجیەدیلێلی ئەفسەر بووە هۆی بەهێزکردنی ریزەکانی گەلی فەرەنسا دژ بە داگیرکەران، شۆڕشی ژێرزەمینی چیکیەکان بەدەستی هونەرمەندان بە ڕووی داگیرکەراندا تەقیەوە، هیوادارم ئێمەش بگۆڕبین، چیتر ناهەمواریيەکان و ناپەسەندییەکانی ناو میللەتەکەمان قبوول نەکەین.... بەهیوای بەردەوامیت.

ئالمکویست، کارل جۆناس لۆڤ

Almquist,carl jonas love

ئا/ حەمەکەریم عارف

نووسەرو شاعیرێکی خەڵکی سوێدە، لە ساڵانی (١٧٩٣–١٨٦٦)دا ژیاوە. لە دایکەوە سەر بە بنەماڵەیەکی ناسراوی خانەدانی سوێدیە. خوێندنی بەرزی لە زانستگەی ئۆپسالا تەواو کردووە. پاشان لە دامودەزگا ئیدارییەکانی پایتەختدا دامەزراوەو کاری هەمەجۆری کردووە. بەڵام گیانی سەرکێشی وی کە لایەنگری بیروباوەری جان جاك ڕۆسۆ بوو دەربارەی ژیانی ئازادانەو ساده لە ناوجەرگەی سروشتدا، کردیە کارێك کە لە ساڵی ١٨٢٣دا ڕوو لە کۆمەڵگەی تەقلیدی و فەرمی پایتەخت، کە خۆی تیایدا بە زندانی دەزانی، وەربگێڕی و لە ژینگەی ئازادی گوندەکاندا ئاکنجی ببێ. لە گوندا کێژە گوندییەکی خواست و کەوتە کاری کشتوکاڵی. دوای ساڵێك لە ژیانی سەرەتایی و ئاسایی بێتاقەت بوو و ڕوویکردە ستۆکهۆڵم. لە پایتەختدا بە هۆی برادەرەکانییەوە لە کاری ماموستایەتی دامەزرا. بەڵام لە سۆنگەی بیروباوەری ئازادیخوازانەو بڵاوکردنەوەی چیرۆکی (ئەمە گونجاوە) لە ساڵی ١٨٤٠دا، کە چیرۆکێکی جەنجاڵ خولقێن بوو، دەستبەرداری کاری فێرکاری و ماموستایەتی بوو. ئالمکویست لەم چیرۆکەدا،کە یەکێکە لە چیرۆکە هەرە سەرکەوتووەکانی، هێرشی کردووەتە سەر زەوجینی قەرارادادی ومەزەبی و بەرگرییەکی زۆری لە ڤیانی ئازاد کە لە سەردەم و ڕۆژگاری ئەودا هێشتا جێی باس نەبووە، کردووە. لەوە بە دواوە ئالمکویست بیری لەوە کردەوە کە لە ڕێگەی نووسینەوە ژیانی خۆی بە ڕێوەبەری. ئیدی کاتی خۆی بۆ ڕۆژنامەوانی تەرخانکردو بوو بە یەکێك لە بەشداران و هاوکارانی بەرجەستەی ڕۆژنامەی ئازادیخواز (ئافتون بلادیت–ڕۆژنامەی سەردەم). بەڵام وەزع و حاڵی دارایی هەر شلۆق بوو، بە ڕادەیەك کە لە تاو سکاڵای خاوەن قەرزان سەری خۆی هەڵگرت و ڕەڤی و چوو بۆ ئەمریکا. ژیانێکی هەژارانەی گرتەبەر لەوێ ژنی هێنا. لە ساڵی ١٨٦٥دا بۆ ئەوروپا گەڕایەوەو لە ئەلمانیادا، بیرۆکەی جارەکی دی وڵاتی خۆی بدینێتەوە، بە بێناوی سەری نایەوە. بەرهەمە زۆرو زەبەندەکانی ئالمکویست بایەخی جیاوازیان هەیەو خۆی لە خۆیدا ئەوە نیشان دەدەن کە لە زۆر بواری جیاوازی نووسیندا قەڵەمی جەربادووە. لەلایەکەوە هەواداری جان جاك ڕۆسۆیەو خۆی بە چاکسازی کۆمەڵایەتی دەزانی، لەلایەکی ترەوە پەیڕەوی بیرە عیرفانییەکانی سوێدنبورگ دەکات، لە یەك کاتدا هەم نووسەرێکی پڕجۆش و خەیاڵپەروەرو ڕۆمانتیکەو هەم چیرۆکی ریالیستی هەیە. ئالمکویست هەموو بەرهەمەکانی خۆی لە کۆبەرهەمێکی گەورەدا لە ژێر سەرناقی کتێبی نەستەرەن، لە سیازدە بەرگدا فەراهەم کردو لە نێوان ساڵانی (١٨٣٢–١٨٣٥و ساڵانی (١٨٣٨–١٨٤٠)دا بڵاوکردەوە. پرۆژەی ئەو بەرهەمە لەو شەوانەدا داڕێژراوە کە لە یانەو کۆشکی شکاری پایەبەرز هۆگۆ–Hugoدا کە پشتیوانی شیعرو ئەدەب بوو، دەژیاو لە کۆڕی نووسەران و شاعیراندا بەشداریی دەکردو وەکو هەموو ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە چیرۆك یان وتارەکانی خۆی دەخوێندەوە. یەکێك لە چیرۆکە هەرە بە نێوبانگەکانی کتێبی نەستەرەن، چیرۆکێکی مێژوویی درێژە بە نێوی (تاجی مەلیکە) لەم چیرۆکەدا، تاجی مەلیکە لە لایەن سەماکارێکی دڵرفێنەوە دەدزرێ، کە خەسڵەتەکانی لە (ئەسمیرالد)ی قارەمانی ڕۆمانەکەی ڤیکتۆر هۆگۆو (سرافیتا)ی قارەمانی ڕۆمانەکەی بالزاك دەچێت. کۆ بەرهەمی کتێبی نەستەرەن گەلێك شانۆنامەو نووسینی ڕەخنەیی و کۆمەلایەتی و چیرۆکی شێوەنامەیی لە خۆگرتووە وەك: ڕامیدو مارینسکۆ، ئارمینتامەی، قاسەو قەسر کە لەوێدا نکولی لە بایەخی سوێندو پەیمان دەکرێ، ئاش و سکالنورا، هەروەها بەیت و قەسیدەی جوان و غەزەل و لیریکای وەکو (خەونان)ی لەخۆگرتووە کە سەرڕێژە لە جۆش و خرۆشی عارفانەو پڕ ئاهەنگ و ریتمی مۆسیقایەکی گیانبزوێنە. هەڵبەتە ئەم بەرهەمە ڕەنگامەیە ڕەنگدانەوەی بۆچوون و باوەڕە سیاسی و فەلسەفییەکانی نووسەرە.

ئالمکویست، کەسایەتییەکی هەڤدژی هەیە، نووسەرێکە ڕۆمانتیك، ریالیست، هزرڤانێکە عارف و سۆفی، ریفۆرمکارێکی کۆمەلایەتییە، یاخییەکی پڕ جۆش و شاعیرێکە دەموزار خۆش و بەهرەمەندە.